پەرلەمانتارێکی عێراقی: هەرەم دەیەوێت لەسەر ئەوەی پێشتر کە بو پێچەوانەی دەستور بەدەستیهێنا بەردەوام بێت

یوسف کیلابی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە دەنگی ئەمریکای ڕاگەیاند، "هەرەم دەیەوێت لەسەر ئەوەی پێشتر بە دەستیهێناوە کە پێچەوانەی دەستوربوە، بەردەوام بێت، ئەمش بەهیچ شێوەیەک دروست نییە و قبوڵ ناکرێت، دوای ئەوەی حکومەتی فیدراڵی دەستیکرد بە ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و جێبەجێکردنی دەستور و یاساکان کەوتنە سەر ڕێچکەی ڕاستی خۆیان، بەتایبەتی دوای ڕزگارکردنی عێراق لە چنگی ڕێکخراوی داعش، هەرەم ئەمەی پێ قبوڵ نییە و دەیەوێت بەردەوام بێت لەسەر ئەو پێشلکاریانەی کە پێشتر هەبوون".

کیلابی وتیشی، "ئەمە دەمانەوێت لایەنە سیاسیەکانی هەرەم خۆیان یەکلابکەنەوە، ئایا ئەوان چیان دەوێت؟ ئایە دەیانەوێت لە عێراق جیا ببنەوە وەک ئەوەی پێشتر پارتی کردی و ڕیفراندەمی سەربەخۆیی ڕاگەیاند، یان دەیانەوێت لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی بمێننەوە و پابەندبن بە دەستوری عێراق و دامەزراوە فیدراڵییەکان؟ دەستور دەسەڵاتی هەرەمەکان و حکومەتی فیدراڵی دیاریکردوە لە چوارچێوەی سیستەمێکی لامەرکەزییەت".

بەرپرسانی باڵای هەرەمی کوردستان بەردەوام ڕەخنەی ئەوە لە دەستەڵاتدارانی عێراق دەگرن بەوەی گوایە تەنها ئەو بڕگانەی دەستور جێبەجێدەکەن کە لەبەرژەوەندی حکومەتی ناوەندن، جێبەجێ نەکردنی

مادده‌ی 140 سه‌بارەت به‌ کەرکوک و ناوچە کێشەلەسەرکان وەک نموونە دەهێنێو.